وەرزش

SPORT

هەفتەنامەیەکی وەرزشییە وەزارەتی رۆشنبیری دەری دەکات

Ministry oF Culture
Sports Newspaper
E- Mail: Warzsh@yahoo.com
Tel: 2271336/113-0131

ژمارە (٣٣٤)

دواڵیەڕە

خاوەنی ئیمتیاز
مەحمود محەمەد
سەرنووسەر
ئەحمەد ئیسماعیل

راهێنەری نوێی یانەی هەولێر «یەحیا عەلوان» لەیەکەمین دیمانەی رۆژنامەوانیدا:

لە داهاتوو پشت بەیاریزانانی دەرەوە کەم دەکەینەوە، تا بتوانین پشت بەیاریزانەکانی هەولێر ببەستین

لەم دواییە دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بەمەبەستی ئامادەکردنی تیپی تۆپی پێی یانە بۆ بەشداریکردنی لەیەکەمین ئەزموونی فەرمی دەرەوەی عێراق، ئەویش بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەب و هەروەها بەشداریکردن لەپاڵەوانیەتی یانەکانی عێراق، ئەرکی راهێنانی یانەکەی بەراهێنەری ناوداری عێراق و خاوەن ئەزموون (یەحیا عەلوان) سپارد.

هەفتەنامەکەمانیش لەدوای دەست بەکاربوونی راهێنەری ناوبراو لەدەرفەتێکدا یەکەمین دیمانەی رۆژنامەوانی لەگەڵیدا ئەنجامدا، پرسیارەکانیش سەبارەت بەپرۆگرامی ئامادەکاری یانەی هەولێر بۆ ئەم پاڵەوانیەتیانە بوو، ئەمەش تەواوی دیمانەکەیە:

راهێنەر لەچەند دێرێکدا

ناوی تەواو: یەحیا عەلوان مەنهەل.
ساڵی لەدایک بوون: ١٩٥٧.
ئاستی خوێندەواری: دەرچووی پەروەردەی وەرزشییە.
باری خێزانی: خێزاندارەو باوکی دوو منداڵە.
ژمارەی یاری نێودەوڵەتی: ٤٣ یاری.
گرنگترین دەستکەوتە وەرزشییەکانی: باشترین راهێنەر لە کیشوەری ئاسیا بۆ ساڵی ١٩٩٧.

*** سەرەتای دەست بەکاربوونت وەکو راهێنەر؟**

– سەرەتای دەست بەکاربوونم وەکو راهێنەر بۆ ساڵی ١٩٨٤دەگەڕێتەوە کە ئەوسات یاریدەدەری راهێنەری یانەی تەڵەبە بووم دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ بەراهێنەری یەکەم دەستنیشانکرام لەو ساتەشدا لە سەرووی خولی عێراق بووین تا خولی عێراق تێکچوو، لە ساڵی ١٩٨٦ خولی عێراقم بەدەست هێنا ئەو کاتە کۆمەڵە یاریزانێکم لەگەڵدابوو کەکاتی خۆی لەتەکم یاریبان دەکرد وەکو حوسێن سەعیدو عەدنان درجال و جەمال عەلی و نەزار ئەشرەف و کۆمەڵە یاریزانێکی باشمان هەبوو لە تەڵەبە بەکورتی ئەوە سەرەتای راهێنەرایەتیم بوو لەپاشان لەساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ راهێنەری بەناوبانگ عەمۆ بابا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی عێراق دەست بەکاربووم، ٨ ساڵ لەگەڵ عەمۆ بابا ئەوی دیکەیان راهێنەری یەکەمی هەڵبژاردەی عێراق بووم لە پاڵاوتنەکانی جامی جیهانی ٩٠-٩٤-٩٨ ، دەستکەوتەکانیشم لەو ماوەیەدا جامی عەرەب ١٩٨٨و پاڵەوانێتی نەهرۆی نێودەوڵەتی بوو هەروەها لە پاڵەوانیەتی نەتەوەکانی ئاسیا لە ئیمارات ساڵی ١٩٩٦ مەشقم بەهەڵبژاردەی عێراق داوە، جگە لەمەش مەشقم بە چەندین یانەی باشی وەکو یانەی شعەب کە یەکەمە لە ئیمارات و فوجەیرەی عومانی و یانەی عروبەی یەمەنی و یانەی ئەهلی ئوردنی هەروەها لەگەڵیاندا چەند نازناوێکم لەو ماوەیە بەدەست هێناوە لەساڵی ١٩٩٧ بەباشترین راهێنەر لەکیشوەری ئاسیا دەستنیشان کرام کە لەنێوانیاندا چەندین راهێنەری بیانی تێدابووەو لە چەندین خولی راهێنەرایەتی بەشداریم کردووەو لە چەندین کەناڵی tv وەکو لێکۆڵەرەوەی یاریە وەرزشییەکان بەشداریم کردووە لەشیکردنەوەی یاریەکانی تۆپی پێ وەکو دوبەی ریازی، mbc، art، کە بانگهێشیان دەکردم بۆ شیکردنەوەی یاریەکانی جامی جیهانی بەتایبەتی لە لایەنی راهێنەرایەتییەوە، شانازی بەوە دەکەم کە ناویان لەیانەی تەڵەبە ناوە بەیانەی (ئەنیق) لەبەر ئەوەی بەمنیان دەگوت (الطالب الانیق) هەروەها یەکەمین کەس بووم کە پلانی ٤-٥-١م دانا بۆ هەڵبژاردەی عێراق کە چۆنیەتی دانانی بناغەی هێرشبردنی لەسەرەو چەندین یانەو هەڵبژاردەی عێراقی ئەم پلانە بەکاردێنن.

بەگوێرەی ئەو تیپانەی لە عێراق راهێنانم پێ کردووە یانەی جەیش لەساڵی ١٩٨٩ کەخولی عێراق لەیەک قۆناغ پێک هاتبوو توانیمان لە تەڵەبەو زەورا بەینەوەو پاشان گەڕامەوە یانەی تەڵەبەو یانەی سەلام و یانەی شورتە لەبەشداریکردنی لە جامی جامەکانی ئاسیا.

*** گرێ بەستیت لەگەڵ یانەی هەولێر چۆن بوو بۆ هەولێرت هەڵبژارد دوور لە یانەکانی بەغدا؟**

– لە راستیدا برایان لە یانەی هەولێر پەیوەندیان پێم کرد هەروەها یانەی نەجمەی لوبنان بە رێگەی دوبەی tv وەرزشی ویانەیەکی ئێرانیش پەیوەندیان پێکردم بەڵام لە ئیمارات بڕیارمدا بگەڕێمەوە بەغداد یانەی هەولێر هەلێکی باشە بۆ ئەوەی شێوەیەکی تازە لەیاری بەکاربێنم، چونکە بۆ ئەو مەبەستە تابتوانم یانەکە بگەیەنم ئاستێکی بەرزو یانەی هەولێریشم لە چەند یارییەک بینیووە جگە لەمەش یاری تۆپی پێ و وەرزش لە کوردستان قوناغێکی باشی لە پێشکەوتن بڕیوە بەتایبەتی لەلایەنی یاریگاو پێداویستی وەرزشی و کارگێری باش ئەوانەش هەموو دڵخۆشیە بۆ مەشق پێدان و یاریزانی باش و هیوامان وایە باشتریان بکەین ئامادەیان بکەین بۆ جامی یانەکانی عەرەبی.

*** زانیارت چییە لەسەر یاریزانانی هەولێر؟**

– یاریزانانی دەرەوەی هەولێر بە پیشەگەر دەژمێردرێن و لە راهێنان کە بەیەک دەگەن لەگەڵ یەک یاری دەکەن بێگومان سوود لەیەک وەردەگرن بۆ نموونە کاتی خۆی ئاستی تۆپی پێی سعودیە زۆر بەرز بووەوە لەبەر ئەوەی یانەکانی سعودی یاریزانی پیشەگەریان لە دەرەوە دەهێنا لە ئەنجامی پێکگەیشتن بە یاریزانە سعودیەکان ئاستی یاریان بەرزدەبۆوە ئێمەش کە چەند یاریزانێکمان هێناوە لە کاتی راهێنان و یاریکردن ئاستیان بەرز دەبێتەوەو لەداهاتووش بەرە بەرە ژمارەی یاریزانانی دەرەوە کەم دەکەینەوە تا بتوانین لە ئایندە پشت بە یاریزانەکانی هەولێر ببەستین بە گوێرەی یاریزانان من کاتێ کە هاتم دیتم چەند یاریزانێک هەیەو بۆندیان مۆر کردووە بەڵام بەراستی پێویستم بە زیاتر لە ٣ یاریزانی دیکە هەیە، باواقعی بێن چونکە ئێمە بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەبی دەکەین لە ئاسیاو ئەفەریقیا پێویستیمان بە یاریزان دەبێ و گرنگ ئەوەیە هەر هەموویان یاریزانی عێراقین.

*** لە هەولێر یاریزانی ئاست بەرزمان هەیە کە یاریان کردووەو بۆ لاوانی عێراق و هەڵبژاردەی عێراق وەکو سەلاحەدین و رافدو دیدارو سەرهەنگ و مەمحەد خۆشناو، رات چییە بەوانە؟**

– من شانازیبان پێوەدەکەم و هەندێک یاریزانیان هەیە توانایان هەیە بگەنە ئاستی بەرزتر لەوەی تێدانە، من شانازیان پێدەکەم و هەروەها کوردستانیش شانازیان پێوەدەکات پەنا بەخوا ئاستیان لە هەڵبژاردەی عێراق بەرزتر دەکەم و نموونە دەبن بۆ پاڵەوانێتی عەرەب و دەگەنە ئامانج.

*** چ پرۆگرامێکت بۆ مەشقدانی یانەی هەولێر دارشتووە؟**

– راهێنەر تەماشای توانای یاریزانان دەکات تا بزانێ چ شێوەیەکی یاری دەست دەدات بۆ ئامادەکردنیان بۆ نموونە ئەمڕۆ زانیمان کە بەشداری لە پاڵەوانیەتی عەرەب دەکەین بۆیە دەبێ پرۆگرامێک دابنێین بۆ خۆئامادەکردن و هەروەها دەبێ بزانین کەی خولی عێراق دەست پێ دەکات ئەو کاتە پرۆگرامی تەواو دادەنێین.

*** بە نیازنین ئۆردوگایەکی راهێنان ئامادە بکەن؟**

– سەبارەت بەئۆردوگا بەنیازی ئەو مانگەبووین بەڵام ئەنجامدانی خولی عێراق دەبێ پێش ٢٥ رۆژ دەست بە ئۆردوگا بکەین یان پێش مانگێک لەیاری و پێویستە ئۆردوگایەک لە کەنداو بکەین چونکە زۆربەی یاریەکانمان لەو کەش و هەوایە دەبێ، ئێرە تاڕادەیەک سارده بەڵام کەش و هەوای کەنداو گەرمەو رێژەی شێی زۆر بەرزەو دەرفەتێکی لەبارەو بۆئەوەی یاریزانانمان لەو کەش و هەوایە رابێین.

*** چەند رۆژێکە لە هەولێریت رات چییە بە هەولێرو خەڵکەکەی؟**

سوپاس بۆخوا زۆر پێی کامەرانم کە لە دەرەوە دەمبینن پرسیارم لێ دەکەن و خۆشحاڵی خۆیان بۆم دەردەخەن و رۆژانە لە کاتی راهێنان بینەرێکی زۆر ئامادەی مەشقەکانمان دەبن، بە پشت و پەنای خوا وا دەکەم کە دیسان جارێکی دیکە یاریگا پڕ بێ لە جەماوەرو بتوانم ئامانجیان بێنمەدی و ئەوەش ئامانجی سەرەکیمانە هەوڵ دەدەم تابتوانم شتێک پێشکەش بە خەڵکی هەولێر بکەم. خوا هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بکات.

دیمانە: عیماد قادر

پێکهاتەی سەرجەم یاریزانانی هەڵبژاردەی ژاپۆن لەکۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا ـ 2004

ناوی یاریزان	مێژووی لەدایک بوون	شوێنی یاریکردن
یۆتشی دو	١٩٧٣/٧/٢٥	گۆڵچی
یۆشیکۆ تسۆ کاواجۆتشی	١٩٧٥/٨/١٥	گۆڵچی
سیجۆ نارازاکی	١٩٧٦/٤/١٥	گۆڵچی
ئاتسۆ هیرۆ میورا	١٩٧٤/٧/٢٤	بەرگری
ماکۆتۆ تاناکا	١٩٧٥/٨/٨	بەرگری
تاکایۆکی شانۆ	–	بەرگری
تسۆنیا سۆمیامۆتۆ	١٩٧٧/٢/٧	بەرگری
ئەلیکس سانتۆس	١٩٧٠/٧/٢٠	بەرگری
یۆجی نازاوا	١٩٧٨/٢/٢٥	بەرگری
کیسۆکی تسۆبۆی	١٩٧٩/٩/١٦	بەرگری
ئاکیری کای	١٩٨٠/١/١٣	بەرگری
تۆشیا فۆجیتا	١٩٧١/١٠/٤	ناوەڕاست
تاکاشی فۆکۆنیشی	١٩٧٦/٩/١	ناوەڕاست
شانسۆکی ناکامورا	١٩٧٨/٦/٢٤	ناوەڕاست
میتسۆ ئۆجاساوارا	١٩٧٩/٤/٥	ناوەڕاست
کۆجی ناکاتا	١٩٧٩/٧/٩	ناوەڕاست
یاسۆ هیتۆ	١٩٨٠/١/٢٨	ناوەڕاست
نۆریهیرۆنیشی	١٩٨٠/٥/٩	ناوەڕاست
تاکایۆکی سۆزۆکی	١٩٧٦/٦/٥	هێرشبەر
ئاتسۆشی یاناجیساوا	١٩٧٧/٥/٢٧	هێرشبەر
ماساشی مۆتۆیاما	١٩٧٩/٦/٢٠	هێرشبەر
کیجی تامادا	١٩٨٠/٤/١١	هێرشبەر

هەڵبژاردەی ژاپۆن پاڵەوانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا 2004

ژاپۆن لە چەند دێرێکدا

*** شوێن:** باکووری رۆژهەڵاتی کیشوەوی ئاسیا
*** پایتەخت:** تۆکیۆ
*** رووبەر:** ٣٧٧,٨٣٥کم٢
*** ژمارەی دانیشتوان:** ١٢٧,٣ ملیۆن کەسە
*** زمانی فەرمی:** ژاپۆنی
*** دراو:** یەن
*** دامەزراندنی یەکێتی تۆپی پێی ژاپۆنی:** ساڵی ١٩٢١
*** ساڵی ئەندام بوون لە فیفا:** ساڵی ١٩٢٩
*** ریزبەندی جیهانی:** (٢٠)
*** چۆن گەیشتە کۆتاییەکان:** وەکو پاڵەوانی پاڵەوانیەتی پێشوو یەکسەر گەیشتە کۆتاییەکان
*** گرنگترین دەستکەوتە وەرزشییەکانی:**
– جامی نەتەوەکانی ئاسیا بۆ ساڵانی ١٩٩٢و٢٠٠٠و٢٠٠٤
– بۆ دوو جار لە کۆتاییەکانی مۆندیال بەشداری کردووە لە ساڵانی (١٩٩٨)و(٢٠٠٢)، باشترین ئەنجامیشی گەیشتنە قۆناغی دووەمی مۆندیالی ٢٠٠٢ بوو.

ئا: عیماد کەمال

بەشداریەکانی پێشووی ژاپۆن لە جامی نەتەوەکانی ئاسیا

– (١٩٥٦)،(١٩٦٠)،(١٩٦٤) بەشداری نەکردووە.
– (١٩٦٨) نەگەیشتە کۆتاییەکان.
– (١٩٧٢) بەشداری نەکردووە.
– (١٩٧٦) نەگەیشتە کۆتاییەکان.
– (١٩٨٠)،(١٩٨٤) بەشداری نەکردووە.
– (١٩٨٨) لە خولی یەکەم کرایە دەرەوە.
– (١٩٩٢) جام و نازناوەکەی بردۆتەوە.
– (١٩٩٦) لە خولی دووەم کرایە دەرەوە.
– (٢٠٠٠) جام و نازناوەکەی بردەوە.

راهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆن (زیکۆ)

*** ناوی تەواوی:** (ئارثەر ئەنتۆنیس کوئیمرا)ی ناسراو بە زیکۆ.
*** ڕەگەزنامە:** بەرازیلی.
*** رۆژی لەدایک بوون:** ١٩٥٣/٣/٣.
*** ساڵی دەست بەکاربوونی وەک راهێنەری هەڵبژاردەی ژاپۆن:** تەمموزی ٢٠٠٢.
*** ئەو یانانەی یاری بۆ کردووە:**
– فلامینگۆی بەرازیلی، ئۆدێنیزی ئیتاڵی، سامیتۆمۆ میتالزو کاشیما ئەنتلەرزی ژاپۆنی.
***بەشداریە نێودەوڵەتییەکانی:**
– وەکو یاریزانێکی سەرەکی لە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل بەشداری کردووە، لە مۆندیالەکانی ١٩٧٨ لە ئەرژەنتین و ١٩٨٢ لە ئەسپانیاو ١٩٨٦ لە مەکسیک .
– لەساڵی ١٩٩٠ ئەرکی شالیاری وەرزشی بەرازیلی پێ سپێردراوە.
– وەکو بەڕێوەبەری هونەری و هەڵسوڕێنەری گشتی یانەی کاشیما ئەنتلەرزی ژاپۆنی دەست بەکارە.

یادگار ئەحمەد

هەموو چوارشەممان

وەرزش خووڕەوشتە پێش ئەنجام

ئەوەی یاری نێوان عێراق و چینی بینی کە لە چەند رۆژی رابردوو بەڕێوەچوو لەیارییەکانی خولی هەشتەم لەجامی ئاسیا بۆ تۆپی پێ کە یارییەکە بە (٣) گۆڵ بەرامبەر هیچ کۆتایی پێهات کە رووداوی سەیری تێدابوو. هەر کاتێ یاری ئەنجامی پێویست بێ دەبێ تیپێک بدۆڕێنێ و دۆڕاندن زۆر گرنگ نیە لەوەرزش لەمانگی رابردوو هەڵبژاردەکانی فەرەنسا هەڵگری نازناوی ئەورووپایی و ئینگلیزستان و ئەڵمانیا و ئەسپانیا نەگەیشتە یاری کۆتایی بەڵکو یۆنانی هەژار لەدەستکەوتی وەرزشی پاڵەوانیەتییەکەی بردەوەو زۆر بەئاسایی ئەو هەڵبژاردانە گەڕانەوە وولاتی خۆیان چونکە دەزانن وەرزش بردنەوەی تا سەری تێدا نییە. بەڵام لەیارییەکەی عێراق و چین هەڵبژاردەی عێراق وای نیشان دەدا کە دەجەنگێنێ نەوەک یاری دەکات بەتایبەتی یونس مەحمود کە لەگەڵ هەر فیکەکی ناوبژیوان هەڵدەچوو براددەرانیشی لەگەڵ خۆی گەرم دەکرد یارییەکە یارییەکی زۆر ئاسایی بوو پەنەڵتییەکان پەنەڵتی بوون بەتایبەتی هی دووەم لەسەر گۆڵچی و دەرکردنەکەی گۆڵچی زۆر ڕەوا بوو. کەواتە عێراق مەغدور نەبوو بەڵکو دەبا عەدنان حەمەد کە یارییەکەی دۆڕاند خووڕەوشتەکەی نەدۆڕاندباو هەر زوو یونس مەحمودی بگۆڕیبایە ئەو کاتە دۆڕاندنەکە زۆر ئاسایی دەبوو لەبەر ئەوەی گەلێک هۆ هەیە کە چین لە عێراق بباتەوە چونکە چین بەپشتیوانی ملیارەک جەماوەرو خاک و کەش و هەواو هەمووی لەگەڵ دابوو و هەموشمان دەزانین حاڵی عێراق چۆنەو ئەو یارییە دەبێ پەند بێ بۆ راهێنەران.

سەرتیپ فاریق- بەڕێوەبەری نووسین

دوو ئاگاداری لەئەنجومەنی باڵای وەرزشی کوردستان

١- لەرۆژانی ١٠ تاوەکو ٢٠٠٤/٨/١٢ کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی لەهۆڵی یانەی وەرزشی دهۆک خولێکی ناوبژیوانی بۆ یاری لەشجوانی ئەنجام دەدرێت.
٢- لەرۆژانی ١٢ تاوەکو ٢٠٠٤/٨/١٦ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی لەهۆڵی بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وەرزشی و دێدەوانی لەشاری هەولێر خولی ناوبژیوانان و راهێنەران لەیاری گۆڕەپان و مەیدان ئەنجام دەدرێت.

کاری هونەری: سۆزان محەمەد - ئاسۆ خالید

چاپ: بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر